پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە شیغار

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە شیغار*». *(شیغار: واتە کەسێک کچەکەی خۆی مارە بکات لە پیاوێکی تر لە بەرامبەردا ئەویش کچەکەی خۆی مارە بکات لە ئەو بەبێ ئەوەی هیچ مارەییەک -مەهر- لە نێوانیان هەردوو لایان هەبێت، لە ناو کوردەواریدا پێی دەووترێت: -ژن بە ژن)
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

بنچینەی لە گرێبەستی هاوسەرگیری ئەوەیە کە جێبەجێ نابێت هەتاوەکو مارەییەکە بە ئافرەتەکە دەدرێت بەرامبەر ئەم چێژوەرگرتنە لە لایەن مێردەکەیەوە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە مارەیی کردنی جاهیلیەت، کە سەرپەرشتیارەکانی ئافرەت (لە باوک وبرا وکەسە سەرپەرشتیارەکانی تری) ستەم لە کچەکانیان دەکەن، مارەیان دەکەن لە پیاوێکی تر بە بێ ئەوەی مارەییان پێبدرێت بۆئەوەی بۆ خۆیان سوودی لێوەربگرن، بەڵام ئەوان کچەکانیان بەکاردەهێنن بۆ جێبەجێکردن وڕازیکردنی ئارەزووەکانیان، بۆیە کچەکەی پێشکەش دەکات بە پیاوێکی تر لە بەرامبەردا ئەویش هەمان ستەم دەکات وکچەکەی خۆی پێشکەشی ئەو دەکات بە بێ هیچ مارەییەک لە نێوانیاندا، ئەمە ستەمە ومارەیی کردن وچێژ وەرگرتنە لە ئافرەت لەسەر ڕێبازێک کە خوای گەورە حوکمی لەسەر نەداوە، وهەر هاوسەرگیرییەک بەم شێوەیە بێت -ژن بە ژن- بێت بە هەموو شێوەیەک حەرامە لە شەریعەتی ئیسلامدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5849